دەروازە سنوریەکان دەست بەسەر زیاتر لە 105 ئۆتۆمبێلی "خوار مەدەل" دەگیرێت

دەستەی دەروازە سنوریەکانی عێراق رایگەیاند، ئەمڕۆ یەکشەممە دەستیان بەسەر 105 ئۆتۆمبێلدا گرتوە کە سەرجەمیان خوار مەدەل بون و ڕێگەپێدراو نەبون بۆ هاوردەکردن، تۆمەتباران دەیانویست بەشێوەیەکی نایاسایی هاوردەیان بکەن.

دەستەی دەروازە سنوریەکانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی عومەر وائیلی سەرۆکی دەستەی دەروازە سنوریەکان و چێکردنەوەی ڕێی چاودێری و بەدواداچونی ڕاستەوخۆ بۆ ڕێگریکردن لە ئێپەڕاسیۆنەکانی قاچاخ، بەتایبەتی دەروازەی مینای ئوم قەسری ناوەڕاست، توانیان دەست بەسەر 105 ئۆتۆمبێلی جۆری جیاوازدا بگرن کە خوار مەدەل بون واتە خوار مەدەلی 2021 بون و تۆمەتباران دەیانویست بەشێوەیەکی نایاسایی هاوردەیان بکەن.

ئەوەشیخستەڕو، بەیارمەتی لە داوەری لێکۆڵینەوە لە دادگای ئوم قەسر وەرگیراوە کە بریتی بوە لە پێکهێنانی لیژنەیەکی تەکنیکی لە بەشێوەیەرایەتی هاتوچۆی بەسرە و دەستەی

دەروازە سنوورییەکان و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان بۆ دوبارە پشکنین بۆ ئۆتۆمبێلەکان، لەئەنجامیشدا دەرکەوتوە، هەمو ئۆتۆمبێلەکان ئەو مەدلە نەبون کە ڕێگەیان پێدراوە بۆ هاوردەکردن و ژمارەی شانسی ئۆتۆمبێلەکانیش دەستکاری کرابون".

ئەوەشی ڕونکردەوە، "ئەم هەواڵانە لە پەڕشی دەستەی دەروازە سنوریەکانەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ بەدواداچون و توندکردنەوەی کۆنترۆڵی دۆسیەی قاچاخچێتی ئۆتۆمبێلی خوار مەدەل، دەستەی دەروازەکانیش ئاڕاستەکراون بۆ دوبارە دەستبەسەرداگرتنی هەزاران ئۆتۆمبێل کە ئامادەکراون بۆئەوەی بەقاچاخ هاوردە بکرێن بەپێی بڕیارنامەی ژمارە 80ی ساڵی 2020ی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق.